**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی كوردستانی عێراق**

**سەرۆكایەتی هەرێم**

**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ١٤ ) ساڵی ٢٠١٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لەبڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو پێمان دراوە و ، بەپاڵپشتی ئەو یاساكارییەی پەرلەمانی كوردستان – عێراق كردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢٠) لە ٢٠١٠/٦/٢٨ بڕیارماندا بەدەركردنی :

**یاسای ژمارە ( ١٠ )ی ساڵی ٢٠١٠**

**یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی كوردستان - عێراق**

**ماددەی یەكەم :**

مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**هەرێم :** هەرێمی كوردستان – عیراق .

**وەزارەت:** وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لەهەرێم .

**وەزیر:** وەزیری بازرگانی و پیشەسازی لەهەرێم .

**ماددەی دووەم :**

ئامانجی وەزارەت رەنگ رێژ كردنی سیاسەتی بازرگانی و پیشەسازی گشتییە بە مەبەستی وەدیهێنانی گەشەسەندنی ئابووری و كۆمەڵایەتی لە هەرێم و كار بۆ جێبەجێكردنی دەكات و هەروەها بۆ ئەوەش كەبەپێی هەر یاسایەكی دیكەی بەركار لە هەرێمدا بەر پسپۆرایەتی دەكەوێت .

**ئەركەكانی وەزارەت**

**ماددەی سێیەم :**

وەزارەت ئەم ئەرك و پسپۆرایەتیانەی خوارەوە لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەكانیدا دەگرێتە ئەستۆ :

**یەكەم :** پێشنیاز كردنی ڕێگای گونجاو بۆلابردنی ئاستەنگ لە بەردەم چالاكیی بازرگانی لە ڕێگەی دانانی ستراتیژیەت و پلان و بەرنامەی گەشە سەندن و هاندانی هەناردە كردن و چارەسەر كردنی ئەو كاریگەرییە نێگەتیڤانەی لەسەر ئابووری هەرێم هەیە كە لە ئازادكردنی بازرگانی دەرەوە و لە ڕێگای بە بەهێز كردنی توانای كێبڕكێ لە نێوان كەرتـەكانی كـار و بەرهەمی نیشتمانیدا رووی داوە .

**دووەم:** ڕێگـا دانـان بـۆ زامنكردنـی چـاودێری مافـەكانی بەكاربـەر و ئامـادەكردنی یاسـای پێویـست بـۆ پاراسـتنی بــە هــاودەنگی لەگــەڵ لایەنــە پێوەندیدارەكانـدا بۆچـاودێری كردنــی نــرخ لــە بازاڕەكــانی نــاوخۆ دا و ، ڕێكخـستن و بەهێز كردنی ژینگەی كێبڕكێ و نەهێشتنی قۆرخكاری و ئیشی تری خراپە كاری لەبازرگانیدا.

**سێیەم :** تۆماركردن و چاودێری كردنی چـالاكیی كۆمپانیـا نـاوخۆیی و بیانیـەكان و لقـە كانیـشیان و، چارەسـەر كردنـی كاروباری بریكارنامە بازرگانیەكان و تۆماركردنیان لە هەرێمدا.

**چوارەم:** دروست كردن و بەڕێوەبردنی كۆگا و دامەزراوەكانی تری پێویست بە كارەكانی وەزارەت و بەكرێگرتنیان .

**پێنجەم :** ئامادەكردن و جێبەجێكردنی ئەو بەرنامانەی كە پێویستن بـۆ پێـشانگا و بـازاڕی نـاوخۆ و نێـو دەولـەتی ، و بەشداری كردن تیایاندا بۆ زانینی پەرەسەندنی نێودەولەتی بەرهەمە بازرگانی پیشەسازیەكانی و جیهان .

**شەشەم:** ئامادەكردنی پلان و لێكۆڵینەوەی ساڵانە و مامناوەندی و درێژخایەن بۆ پرۆژە پیشەسازییەكان ، و لێكۆلینەوە لە سوودی ئابووری و هونەرییان و سەرپەرشتی ئەو پرۆژە و دامەزراوە پیشەسازییانە بە مەبەستی چـاودێری كردنیـان و ئاڕاستە كردنیان ، و هەڵسەنگاندنی ئەنجامی پلانەكان لـە ڕووی چـەندی و جۆرییـەوە و بەشـداریكردن لـە ئامـادەكردنی یاسای پێوست بۆچاودێری و گەشە پێدانیان بە هاوكاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەكاندا.

**حەوتەم:** كردنەوەی پرۆژەی پیشەسازیی و بازرگانی و پێدانی مۆلەتی دامەزراندنیان لەلایەن كەرتی تایبەتەوە و هاندان و ئامادەكردنی ژینگەی لەبار بۆی و تا یاسای وەبەرهێنان بیگرێیتەوە بۆ ئەوەی سوود لە دەرامەتی بەشـەری و سروشـتی وەربگیرێت و بۆ چالاكیی وەبەرهێنان و بەردار لە هەرێمدا بیگۆرێیت .

**هەشـــتەم :** پێـدانی مۆڵـەت بـۆ دامەزرانـدنی ناوچـەی پیـشەسازی ڕێكخـراو و هانـدانی ئـەم دەزگایانــە و چـاودێری كردنیــان بــە هەماهــەنگی لەگــەڵ دەســتەی گــشتی ناوچــە ئازادەكــانی عێــراق لــە پێنــاو دروســت كردنــی ناوچــە پیـشەسازی و بازرگـانی ئـازاد لـە هـە رێـم و سەرپەرشـتیكردن و پێشخـستن و كـاراكردنی رۆڵـی وئامـادەكردنی یاسـای پێویست بۆ وەدیهێنانی .

**نۆیەم :** هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی كشتوكاڵ ، بۆ پشتیوانی كردن و هاندانی جوتیاران و لێكۆلینەوە لەسەر چۆنیەتی بەكارهێنانی بەرهەمی كشتوكاڵ وەك ماددەی كەرەسە لە كەرتەكانی پیشەسازیدا و بۆ بەربوومی پیشەسازی خۆماڵی كە بۆ بەكارهێنانی خۆماڵی و هەناردەكردنی بۆ دەرەوە بگۆڕ درێ.

**دەيەم :** هاندانى پشتگيرى هەردوو كەرتى بازرگانى و پيشەسازى و كارا كردنى رۆڵى بانكە بازرگانى وپيشەسازييەكان بۆ پاڵپشتى كردنى پرۆژە بازرگانى و پيشەسازيەكان ،بە تايبەتى پرۆژە بچووك ومامناوەنديەكان و،چالاككردنى رۆڵەكەى .

**يـــازدەم :** رێكخستنى ميكانيزمى پاراستنى موڵكايەتى هزرى بازرگانى و پيشەسازى و پێدانى نيشانەى ناسينەوە (العلامات الفارقە) و رەسم و نموونەى دروستكراوەكە و بڕوانامەى داهێنان (براءة الاختراع).

**دوازدە:** خۆئامادەكردن بۆ بەستنى ڕێككەوتنامەى پێويست بۆ جێبەجێكردنى سياسەتى ئابوورى هەرێم لە بوارى بازرگانى ناوخۆ و دەركيدا و، قوڵكردنى پەيوەنديەكان لەگەڵ سەرچاوەكانى گەشە پێدانى تەكنولۆجيدا ، لە سنوورى ئەو دەسەڵاتانەى كە دەستورى عێراق بە هەرێمى داوە.

**سێزدەم:** نوێنەرايەتى كردنى هەرێم لەبەردەم دەسەڵاتى فيدراڵى لەكاتى مۆركردنى رێككەوتنامە و گرێبەست كە مۆركى ئابوورى و بازرگانى و پيشەسازيان هەيە و بەهێز كردنى رۆڵى هەرێم و پاراستنى بەرژەوەندييەكان بەپێى ياسا و رەزامەندى ئەنجومەنى وەزيران .

**چواردەم :** ئامادەكردنى پرۆژە ياساى پێوست بۆ بەشداريكردن لە چاككردنى كەش وهەواى وەبەرهێنان و ئاسانكردنى خزمەتى وەبەرهێنان و داڕشتنى بەرنامە و ، هاندانى وەبەرهێنەرى ناوخۆ و ڕاكێشانى وەبەرهێنانى بيانى بەهاوكارى و هەماهەنگى لەگەڵ دەستەى وەبەرهێنان .

**پـــــانزدەم :** بەشدارى كردن لەگەڵ لايەنە پەيوەنديدارەكان بۆ دامەزراندنى سيستەمێكى تەواوكارى باش بەئامانجى بەديهێنانى كارى چاودێريكردنى هونەرى لەسەر هاوردە و هەناردە و بەدواداچوونى جۆرى بەرهەمى پيشەسازى ناوخۆ يى كە لەگەڵ مواسەفاتى باوەڕپێكراوى جيهانيدا بگونجێ و پيشكەش كردنى ئامۆژگارى و رێنوێنى لە پێناو چاككردنى جۆرى بەرهەم و گەشە پێدانى كارەكانى بەرهەمهێنان و كەمكردنەوەى تێچوونەكەى و بەكارهێنانى ئامێرى تازە بابەت تيايدا.

**شازدەم :** پەرەپێدان و چاكتركردنى جۆرى ئەو خزمەتانەى كە وەزارەت پێشكەشى هاووڵاتيانى دەكات لە ڕێگاى وەرگرتنى (تبنى) شێوازى نوێ لە بوارى بەڕێوەبردن و، سوود وەرگرتن لە تەكنولۆجياى زانيارى لە ڕێگاى وەرگرتنى (تبنى) تەكنيكى سيستەمەكانى حكومەتى ئەليكترۆنى بۆ ئەوەى پەيوەندى وەزارەت لەگەڵ هاوبەشەكانى و هاووڵاتيانيشدا كارا ببێت ، و چاككردن و ئاسانكردنى چارەكردن و رێكارەكانى مامەڵە كردن و دامەزراندنى بنەماكانى زانيارى بەشێوەيەك كەجۆرى ئەداى وەزارەتەكە باشتر بكات و ، ژينگەى پێويست بۆ گەشە كردنى ئابوورى هەرێم فەراهەم بكات .

**حەڤدەم :** هەماهەنگى و هاوكارى كردن لەگەڵ ژوورەكانى بازرگانى و پيشەسازى بە جۆرێك كە خزمەتى وەديهێنانى ئامانجەكانى وەزارەت لە خزمەت كردنى هەر دوو كەرتى پيشەسازى و بازرگانى لە هەرێمدا بكات .

## پێكهاتەكانی وەزارەت

### ماددەی چوارەم :

پێكهاتەی وەزارەت بەم جۆرە دەبێت

**یەكەم :** وەزیر :سەرۆكی باڵای وەزارەتەكەیە و بەرپرسی كارەكانیەتی و سیاسەتەكەی ئاراستە دەكات و سەرپەرشتی وچاودێری دەكات و هەمووبڕیار و فەرمان و رێنمایەك كەپەیوەندی بەئەركی وەزارەت و پێكهاتە و دەسەڵات و كاروبارەكانی دیكەی هونەری و دارایی و كارگێری و رێكخستنەوە هەبێ ، بەپێی حوكمەكانی یاسا لەوەوە دەردەچن و ، لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا بەرپرسە، چونكە خۆی ئەندامێكی هاوكاریەتی و بۆی هەیە هەندێك لەدەسەڵاتەكانی بەبریكارانی وەزارەت یان بەرێوەبەرەگشتییەكان یاخود ئەوەی لەناو وەزارەتدا بەشیاوی دەزانێت ،بسپێرێت .

**دووەم:** هەر دوو بریكاری وەزارەت :

أ- بریكاری وەزارەت بۆ كاروباری بازرگانی :

لەئاراستە كردنی وەزارەتدا هاوكاری وەزیر دەكات و سەرپەرشتی ئەو كاروبارانە دەكات كە بەچالاكی بازرگانییەوە تایبەتن ، ئەو دەسەڵاتانەش كە وەزیر پێی دەسپێرێ .

ب-بریكاری وەزارەت بۆكاروباری پیشەسازی :

لەئاراستەكردنی وەزارەتدا هاوكاری وەزیر دەكات و سەرپەرشتی ئەو كاروبارانە دەكات كەبەچالاكی پیشەسازیەوە تایبەتن و ، ئەو دەسەڵاتانەش كە وەزیرپێی دەسپێرێ.

**سێیەم:** نووسینگەی وزیر:

بە وەزیرەوە بەندە و فەرمانبەرێك بەپلەی بەرێوەبەر سەرۆكایەتی دەكات و بەرێوەی دەبات كە بڕوانامەی سەرەتایی زانكۆی بەدەستهێنابێ و ژمارەیەك فەرمانبەر یارمەتی دەدەن .

**چوارەم:** نووسینگەی هەر دوو بریكارانی وەزارەت :

هەر نووسینگەیەك فەرمانبەرێك بەپلەی بەرێوەبەر بەرێوەی دەبات كە بڕوانامەی سەرەتایی زانكۆی بەدەست هێنابێ و ژمارەیەك فەرمانبەر یارمەتی دەدەن .

**پێنجەم :** راوێژكاران :

ژمارەیان لەچوار تێناپەرێت و دەبێ هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانكۆ بن و شارەزایی و كاركردنیان بۆ ماوەیەك هەبێ كە لە دەساڵ كەمتر نەبێ .

**شەشەم :** بەرێوەبەرایەتییە گشتی یەكان :

ئەم بەرێوبەرایەتییە گشتییانەی خوارەوە بە وەزارەتەوە پەیوەستن ، هەریەكەیان بەرێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات كەبڕوانامەی سەرەتایی زانكۆ بەدەست هێنابێ و بەئەزموون و پسپۆر بێ.

١-بەرێوەبەرایەتی گشتی كاروباری دارایی و كارگێریی .

٢-بەرێوبەرایەتی گشتی بازرگانی .

٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی .

٤-بەڕێوبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان .

٥- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بە دواداچوون .

**حەوتەم :**

أ- ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەت : ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەت لە مانە پێك دێت :

١- وەزیر / سەرۆکی ئەنجومەنەکەیە.

٢- هەر دوو بریکاری وەزارەت / ئەندامن .

٣- راوێژکارانی وەزارەت / ئەندامن .

٤- بەڕێوەبەرە گشتیەکان / ئەندامن .

٥- وەزیر بۆی هەیە هەر کەسێکی شارەزا کە لەناوەوی وەزارەت یان دەرەوەی بەگونجاوی بزانێ لە کاتی پێویستدا بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بانگی بکات بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێ .

ب- ئەنجومەن بەگفتوگۆکردن و هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانی وەزارەت تایبەت دەبێ و لێکولینەوە لە رێگاکانی سەر خستنی ئەرکەکەی و پێشکەش کردنی پێشنیاری گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفت و کۆسپانەی کە رەنگە رووبەرووی ببنەوە ئەنجام دەدات .

**ماددەی پێنجەم:**

وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسانی ئاسایی و مەعنەوی خاوەن شارەزایی و پسپۆر لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بکات بۆ ئەنجامدانی ئەو کارو پابەندییەکانیان کە پێیان دەسپێردرێ بۆ ماوەیەك کە بە گونجاوی دەزانێ و ، ئەمەش بۆ مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەت وماف و ئەرکەکانیان لە لایەن وەزیرەوە بە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دەستنیشان دەکرێ.

## حوکمە کۆتاییەکان .

**ماددەی شەشەم :**

**یەکەم :** بەپێڕەو ئەرك و پسپۆرایەتی پێکهاتەکانی وەزارەت دەست نیشان دەکرێ.

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**سێیەم:** وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە لە ناو پێکهاتەکانی وەزارەت بەپێی پێویستی کارەکانی لە نوێ دابمەزرێنێ یان لێکی بدات یان هەڵی بوەشێنێتەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم :** کار بەهیچ دەقێك ناکرێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت .

**دووەم:** یاسای وەزارەتی پیشەسازی ژمارە(١١) ی ساڵی (٢٠٠٦) و یاسای وەزارەتی بازرگانی ژمارە (١٣) ی ساڵی (٢٠٠٦) هەڵدەوەشێنەوە .

**ماددەی هەشتەم :** ماف و پابەندی و کەل وپەل و میلاکاتی هەر دوو وەزارەتی بازرگـانی و پیـشەسازی هەڵوەشـاوە بـۆ وەزارەت دەگەڕێتەوە .

**ماددەی نۆیەم :** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .

**ماددەی دەیەم :** ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فـەرمی (وەقـایعی کوردسـتان ) دا بلاّو دەکرێتەوە .

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق**

هەولێر
٨/ تەمموزی /٢٠١٠ی زایینی
١٧/ پوشپەڕ / ٢٧١٠ی کوردی
٢٦/ رجب / ١٤٣١ی کۆچی

## هۆیە پێویستیەکانی دەرچوواندنی

لەبەر تازە دروسـتبوونی وەزارەتـی بازرگـانی و پیـشەسازی لـە هـەرێمی کوردسـتان دوای لێکدانی هـەر دوو وەزارەتـی بازرگانی و پیشەسازی ولە پێناو دەسنیشان کردنی پێکهاتـە و ئامـانج و ئەرکـەکانی بـە شـێوەیەك کـە گەشـە سـەندنی ئابووری و کۆمەلآیەتی بەپێی سیاسەتی بازرگانی و پیشەسازی بـۆ هـەرێمی کوردسـتان وەدی بهێنـی ،بەپێویـست زانـرا یاسایەکی تایبەت دەربکرێ کە ئەوانەی لە پێشەوە هاتووە بەدی بهێنێت ، بۆیە ئەم یاسایە دەرچوێندرا .